




# مەکسیک ملوانکەی زێڕی لەمل کرد و ئەم

ڕۆژی شەممە لەیاریگەی ویمبلی لەشاری لەندەن یاری کۆتایی تۆپی پێی یارییەکانی ئۆڵۆمپیادی لەندەن لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەی بەرازیل و مەکسیك بەڕێوەچوو، لەم یارییەدا هەردوو هەڵبژاردە هەوڵی بەدەستهێنانی ملوانکەی زێڕی ئەم پاڵەوانێتیە بۆ یەکەم جار لەمێژووی خۆیان دەدا، بەتایبەتی هەڵبژاردەی بەرازیل، کە گشت نازناوەکانی جیهان تایبەت بەیاری تۆپی پێی بەدەستهێناوە، تەنیا ئۆڵۆمپیاد نەبێت و هەروەها ئەم تیپی هەڵبژاردەی بەرازیل بەتیپی دوارۆژ دادەندرێت بۆئەوەی بتوانێت لەجامی جیهانی ٢٠١٤، کە لەبەرازیل بەڕێوە دەچێت نازناوەکان بەدەستبهێنێت، بۆیە ڕاهێنەری بەرازیل مانۆ منینیزیس بەپێکهاتەیەکی تۆکمە بەشداری لەم پاڵەوانێتیە کرد و توانی لەپێنج یاری سەرکەوتن تۆمار بکات و لەهەر پێنج یاری بەسێ گۆڵ سەرکەوتنەکانی بەدەست دەهێنا، لەبەرانبەردا هەڵبژاردەی مەکسیك لەم پاڵەوانێتیە ئاستێکی یەکجار بەرزی پێشکەش کرد و بووە جێگەی سەرسوڕمانی چاودێرانی بواری تۆپی پێ، دوای ئەوەی توانی بەشایستە بگاتە یاری کۆتایی ئەم پاڵەوانێتیە و چوار سەرکەوتنی بەدەستهێنا و لەیەك یاری تووشی یەکسانبوون هات بەرانبەر هەڵبژاردەی کۆریای باکوور، چاودێرانی بواری تۆپی پێ یاریزانانی هەڵبژاردەی مەکسیك بەهەڵبژاردەی دوارۆژ وەسف دەکەن.

سەبارەت بە یارییەکە، هەر لەگەڵ فیکەی دەستپێکی یارییەکە و لەچرکەی ٣٠دا یاریزانی مەکسیك بیرالتا توانی خێراترین گۆڵ لەمێژووی دەستپێکردنی یارییەکانی ئۆڵۆمپیاد تۆمار بکات، دوای ئەوەی یاریزانی بەرازیلی ڕافائیل هەڵەیەکی کوشندەی کرد و یاریزان بیرالتا لەدەرەوەی ناوچەی سزا ئەم هەلەی قۆستەوە بەلێدانێکی بەهێز توانی گۆڵی یەکەم بۆ هەڵبژاردەکەی تۆمار بکات، ئەم گۆڵە کاریگەری دەروونی لەسەر یاریزانانی









# ـــــجارەش بەرازیل خەونەکەی نەهاتەدی

بەرازیل دروســت کرد، بۆیە ڕاهێنەر هەر زوو یەکەم گۆڕانکاری لــەم پێکهاتەی ئەنجامدا بەمەبەستی تۆمارکرنی گۆڵی بەرانبەر ئەویش بەزیادکردنی یاریزانانی هێڵی هێرشــبەر، بەڵام ئەم گێمە بەئەنجامــی گۆڵێکی بێ بەرانبەر تەواو بوو.

لەگێمی دووەمی یارییەکە هەر زوو یاریزانانی بەرازیل فشــارێکی توندیان خستە سەر گۆڵی مەکســیك، بەڵام ئەم فشــارە مەترســییەکی ئەتۆی لەســەر گۆڵی مەکسیك نەبوو بەهۆی لێهاتوویــی یاریزانانــی هێڵــی بەرگــری و گۆڵچی، تا خولەکــی ٧٥ی یارییەکە کاتێك هەمان یاریزان بیرالتــا توانی گۆڵی دووەمی خۆی و هەڵبژاردەکەی بەلێدانێکی سەری بەهێز تۆمار بکات، دوای ئــەم گۆڵە بەرازیلییەکان لەهێرشەکانیان بەردەوام بوون تا خولەکی ٩١ی یارییەکــە کاتێك یاریزان هالــك توانی گۆڵی یەکەم بۆ هەڵبــژاردەی بەرازیل تۆمار بکات، لەدوا ساتەکانی یارییەکە هەڵبژاردەی بەرازیل نزیك بــوو لەتۆمارکردنی گۆڵــی بەرانبەر، بەڵام گۆڵکاری ئۆڵۆمپیادی لەندەن لیاندرۆ خاوەن شــەش گــۆڵ بەرانبــەر گۆڵ هەلێکی ئاســانی گۆڵ تۆمارکردنی لەدەســتدا، دواتر ناوبژیوانی بەریتانی فیکــەی تەواوبوونی یارییەکەی لێدا بەسەرکەوتنی هەڵبژاردەی مەکسیك بەئەنجامی (٢-١) گۆڵ و بۆ یەکەم جــار لەمێژووی خۆیــدا ملوانکەی زێڕی لەم پاڵەوانێتیە بەدەستهێنا.

لەگــەڵ تەواوبوونی یارییەکــە لەوڵاتی مەکســیك ئاهەنگگێڕان لەنێو شەقامەکانی نیومەکســیکۆ دەستی پێکرد، لەهەمان کاتدا لەوڵاتــی بەرازیــل چاودێرانــی تۆپی پێ بەتایبەتی ئەســتێرەی پێشــووی تۆپی پێی بەرازیل ڕۆماریۆ هۆکاری دۆڕاندنی خستە ئەســتۆی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل و داوای کــرد بەزووترین کات دەســتبەرداری پۆستەکەی بێت.





## کریستیانۆ رۆنالدۆ : باشترین یانەی



کریستیانۆ رۆنالدۆ ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید دووپاتیکردەوە کە باشترین یانەی جیهان ئەگەر بەشدار بێت لە خولی یانەکانی ئیسپانیا تەنیا پلەی سێیەم وەردەگرێت لەبەر ئەوەی باشترین دوو یانە لە جیهان لەم خولە یاری دەکەن کە هەردوو یانەی ریال و بەرشلۆنەیە و ئەم دوو یانەیە پلەکانی یەکەم و دووەم بەدەست دەهێنن .

کریستیانۆ رۆنالدۆ هاوڕا بوو لەگەڵ راهێنەرەکەی جۆزێ مۆرینهۆ دەربارەی بەهێزی خولی ئیسپانیا و لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی ئاسی ئیسپانی گوتی : من لەگەڵ بۆچوونەکانی راهێنەر مۆرینهۆ هاوڕام، هەر یانەیەکی دیکەی جیهان لە خولی ئیسپانیا یاری بکات ئەوە تەنیا پلەی سێیەم وەردەگرێت چونکە لێرە باشترین دوو یانەی جیهان یاری دەکەن .

سەبارەت بە خەڵاتی تۆپی زێڕین بۆ باشترین یاریزانی جیهان،کریستیانۆ گوتی : هیوادارم ئەم خەڵاتە بدرێتە باشترین یاریزان و بەدادپەروەری بێت، بێگومان من دەمەوێ ئەم خەڵاتە بۆ جارێکی



## ماریۆ گۆمیز بۆ شەش هەفتە دوور دەکەوێتەوە

یانەی بایرەن میونیخی ئەڵمانی رایگەیاند کە هێرشبەری نێودەوڵەتی ماریۆ گۆمیز بە هۆی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەوە بە لانی کەمەوە بۆ ماوەی شەش هەفتە لە یاریگاکانی تۆپی پێ دووردەکەوێتەوە، گۆمیز لە یارییە دۆستانەکەی نێوان بایرەن میونیخ و ڤێردەر بریمەن تووشی پێکان هات لە گۆزینگی و دواتر پشکنینی پزیشکی بۆ ئەنجامدرا و دەرکەوت کە پێویستی بە نەشتەر گەری هەیە تا لەم پێکانە چاك بێتەوە . ماتیاس زامەر بەڕێوەبەری وەرزشیی یانەی بایرەن میونیخ ئەم هەواڵەی دووپاتکردەوە و رایگەیاند کە گۆمیز پێویستی بە نەشتەرگەریی هەیە و ئێستا یاریزانی ناوبراو بە هۆی ئەم پێکانەوە بە بارودۆخێکی خراپی دەروونیدا تێدەپەڕێت، هەروەها ئەوەشی راگەیاند لە دوای شەش هەفتەی دیکە یاریزان ماریۆ گۆمیز دەتوانێت بگەڕێتەوە نێویاری . شایانی باسە یانەی بایرەن میونیخ لە پێش دەست پێکردنی وەرزی تازەی خولی بۆندسلیگا تووشی کێشەی پێکانی یاریزانەکانی هاتووە، یاریزانەکانیش بریتین لە ماریۆ گۆمیز و ئالابا و رافینها و کۆنتینتۆ .

## ئەلێگری : یۆڤانتس پاڵێوراوە بۆ سکۆدیتۆ



ماسیمیلیانۆ ئەلێگری راهێنەری یانەی ئەی سی میلانی ئیتالی رایگەیاند یانەی یۆڤانتس پاڵەوانی وەرزی رابردوو، پاڵێوراوی سەرەکییە بۆ بەدەست هێنانی نازناوی ئەم وەرزەی خولی ئیتالیا و پارێزگاری لە نازناوەکەی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری هەموو پێشهاتەیەك لە یاری تۆپی پێ لە ئارادایە بە بەڵگەی رووداوەکانی وەرزی رابردووی خولی ئیتالیا .

ئەلێگری لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی لاگازێتا دیللو سپۆرتی ئیتالی گوت : یۆڤانتس بە چەند بۆندێکی گرنگەوە بەشداریی لە وەرزی تازەی کالچیۆ دەکات ئەوانیش پاڵێوراون بۆ پارێزگاریکردن لە نازناوەکەی وەرزی رابردوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نازانیت لە یاری تۆپی پێ چی روودەدات، هەموو ئەگەرێك لە ئارادایە .

هەروەها ئەلێگری لە درێژەی لێدوانەکەی گوتی : لە وەرزی رابردوودا هەموو چاودێرانی خولی ئیتالیا پێیان وابوو کە یانەی میلان بە ئاسانی دەبێتە پاڵەوان و ململانێیەکە دووانە دەبێت لە نێوان میلان و ئینتەرمیلان، بەڵام لە کۆتاییدا یانەی یۆڤانتس بە بێ دۆڕاندن بووە پاڵەوان بۆیە لەم وەرزەشدا کەس نازانێت چی روودەدات .

## گەڕاندنەوەی شکۆداریی لیڤ

ستیڤن جیرارد کاپتنی یانەی لیڤەرپول خەون بەوەوە دەبینێت کە جارێکی دیکە شکۆداری بۆ یانەکەی بگەڕێنێتەوە دوای ئەوەی زیاتر لە ٢٠ساڵە لە نازناوی خولی یانە نایابەکانی ئینگلتەرا دوورە و پێشتر خاوەن گەورەترین شکۆداری بوو لە نێوان یانەکانی ئینگلتەرا، ئێستا لیڤەرپول بە کاتێکی زەحمەت لە مێژوویدا تێدەپەڕێت و ناوی لە لیستی ئەو یانانە دوورخراوەتەوە کە پاڵێوراون بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولی ئینگلتەرا .

جیرارد لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەیلی میل دانی بەوە دانا کە یانەکەی زۆر زەحمەتە بتوانێت ململانێ لەسەر نازناوەکە بکات لە نێو ئەو یانانەی کە خاوەن داهاتێکی دارایی گەورەن لە پێش هەموویاندا یانەی مانچستەر سیتی پاڵەوانی وەرزی رابردوو، ستیڤن جیرارد گوتی: هیوادارم

## جیهان لە خولی ئیسپانیا سێیەم دەبێت

دیکە بەدەســت بهێنم بەڵام هیــچ لێدوانێك لەمبارەیەوە نادەم نەوەك بە هەڵە لێك بدرێتەوە .

ســەبارەت بە یاریزان میسی و رکابەری نێوانیان، کریستانۆ گوتی : نەخێر من حەز ناکەم وشــەی رکابەر بەکاربهێنم، ئێمە هەموومان یەك کار ئەنجام دەدەین کە تۆپی پێیە، میســی لەگەڵ بەرشلۆنە و منیش لە گەڵ ریال مەدرید کاری خۆم ئەنجام دەدەم.

دەربــارەی گۆڕانکاریی راهێنەر لــە یانەی بەرشــلۆنە، رۆنالدۆ دووپاتیکردەوە و گوتی : باوەڕ ناکەم شــێوازی یاریکردنی بەرشــلۆنە گۆڕانکاریــی بەســەر دابێــت چونکــە بناغەکە هەمــان بناغەیە بیرکردنەوەکــەش هەمان بیرکردنەوەیە، یاریی جامی ســوپەر زەحمەت دەبێت و دەبێ بە باشی خۆمانی بۆ ئامادە بکەین .



## ئەبیدال پێش سەری ساڵ دەگەڕێتەوە

یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنســا و یانەی بەرشــلۆنە ئەریك ئەبیدال هیوای ئەوەی خواســت پێش ســەری ســاڵی داهاتوو بگەڕێتەوە نێویاری لەگەڵ یانەکەیدا، دوای ئەوەی بە تەواوی توانای جەستەیی بۆ دەگەڕێتەوە لەدوای ئەو نەشــتەرگەریەی بۆ چاندنی جگەر لە مانگی نیســانی رابردوو بۆی ئەنجامدرابوو .

ئەبیدال لە لێدوانێکــی تەلەفزیۆنیدا لە هەرێمی کەتالۆنیا لە دوای یاریی نێوان هەردوو یانەی بەرشــلۆنە و پاریس ســان جێرمــان گوتی : لە دوای نەشتەرگەرییەکە ماوەی چاکبوونەوەم زۆر زەحمەتتر بوو لە نەشتەرگەرییەکە، هیوادارم لە دوای گەڕانەوەی توانای جەستەییم بە باشترین شێوە پێش ســەری ساڵی دا ها تــو و بگەڕێمەوە یاری کــردن. ئەبیدال ئەوەشــی راگەیاند کە پەلە ناکات لــە گەڕانەوە، تا بەتــەواوی چاك نەبێتەوە ناگەڕێتەوە یاریگاکان و رێنماییەکانی پزیشکەکان بە تەواوی جێبەجێ دەکات و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی رۆژی گەڕانەوەی دەکات .

ســەبارەت بە گۆڕینــی راهێنەر و هەلی یانەی بەرشــلۆنە لە بەدەست هێنانی نازناوەکان ئەبیدال متمانەی تەواوی بە راهێنەر تیتۆ ڤیلانۆڤا دووپاتکردەوە کە توانای ئەوەی هەیە بەرشلۆنە بەرەو نازناوەکان ببات، ئەبیدال هیوای ئەوەشــی خواســت کــە ئەســتێرەی ئەرژەنتینی لیۆنێل میســی لە پێکان دوور بکەوێتەوە بۆ ئەوەی نازناوی زیاتر بۆ یانەکەی مسۆگەر بکات .



## ـــــەرپول خەونی گەورەی جیرارده

شــکۆداری بۆ یانەی لیڤەرپول بگەڕێتــەوە، یانەی لیڤەرپول یانەیەکی گەورەیە لە ئەوروپا و جیهان، ســەنگی خۆی لە نێوان یانە گەورەکان هەیە، بەڵام ئێستا تۆپی پێ پەیوەستە بە پارەوە، بۆیە دەبــێ ئێمە یارییەکانی خۆمان بە گڕوتینــەوە ئەنجام بدەین لە پێناو گەڕانەوە بۆ نازناوەکان.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# ناشـرنتـرین جل و بـەرگی ئـاهـەنگی کـردنەوەی ئۆڵۆمپیی

**دوای ئـــەوەی هەفتـــەی رابردوو جوانترین جل و بەرگی ئاهەنگی کردنەوەی وڵاتەکانی بەشـــداربووی ئۆڵۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢-مان بڵاوکردەوە، لەم ژمارەیەدا ناشرنترین جل و بەرگی هەڵبژاردە بەشداربووەکان بڵاودەکەینەوە.**


بەریتانیا


مەکسیك


بەلجیکا


دانیمارك


فنلندا

# بەژمارە چەند زانیارییەکی تایبەت بە ئۆڵۆمپیادی

ئۆڵۆمپیاد یەکێکە لە پاڵەوانێتییە هەرە گەورەکانی جیهان و لەگەڵ بەرێوەچوونی یارییەکانـــدا چەندین ژمارە و پێوانەی تایبـــەت تۆمار دەکرێت، ئەمەی خوارەوە بە ژمارە چەند زانیارییەکی تایبەتە بە یارییەکانی ئۆڵۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢.

-لە کاتی بەرێوەچوونی یارییەکانی ئۆڵۆمپیاد (٤٧٠٠) ملوانکەی زێڕ و زیو و برۆنز بەسەر یاریزانە بەشداربووەکاندا دابەش دەکرێت.



-کێشـــی ملوانکـــەی زێـــڕی ئـــەم پاڵەوانێتیـــە ٤١٠ گرامـــە، تەنیـــا ٦ گـــرام لە زێڕ پێکهاتـــووە واتە بە رێژەی (١,٣٤٪) زێڕە ئـــەوەی دیکەی لە زیو و برۆنـــز پێکهاتووە، کە رێژەکەی دەگاتە (٩٢,٥٪).

-کۆمپانیـــای رۆیاڵ مینت گشـــت ملوانکەکانـــی ئۆڵۆمپیادی لەندەن-ی ٢٠١٢ دروســـت کردووە و ئەو کۆمپانیایەش حکوومیە و تەمەنی (١١٠٠) ساڵە.

- کۆمپانیای رۆیاڵ مینت لە کاتی دروستکردنی ملوانەکەکانی ئۆڵۆمپیاددا ٨ تەن زێڕ و زیو و برۆنزی بەکارهێناوە و لە کۆمپانیای ریۆ تینیۆی کریوە، گشـــت زێڕە و برۆنز و زیوەکان لە وڵاتانی ئەمەریکا و مەنگۆلیا هاتووە.



- خاوەن ژمـــارەی پێوانەیی لە یاری تیرکەوان ئیـــم دۆنگ هیۆن، کە خەڵکی کۆریای باکوورە بە پێی یاســـا بە نابینا هەژمـــار دەکرێـــت، چونکە لـــە چاوی چەپ-ی توانای بینینـــی (١٠٪)یە و رێژەی بینینی لە چاوی راست (٢٠٪)ـە، لەگەڵ ئەوەشدا توانی ژمارەی پێوانەیی

# بە وێنە جوانترین بۆیەکردنی پەنجەکانی کچە یاریزانانی بەش

لە ئۆڵۆمپیادی لەندەندا چەندین شتی سەیر و سەمەرە بە دی دەکرێت، یەکێك لەو شـــتانە بۆیەکردنی پەنجەکانـــی کچە یاریزانانەکان بە جوانترین شـــێوە و هەریەکەیان شێوازێك بۆ خۆی دادەهێنێت، بەم شێوەیەی خوارەوە.

١-دروســـتکردنی هەردوو ئاڵای مەکسیك و بەریتانیا لەسەر پەنجەکانی کچە یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی مەکسیك لیوز مرسیدس.

٢- دروســـتکردنی ئاڵای ئەمەریکا لەســـەر پەنجەکانی کچە یاریزانی تێنسی سەرزەویی ئەمەریکی ڤینۆس ویلیامز.

٣- دروســـتکردنی ئاڵای فەرەنسا لەســـەر پەنجەکانی کچە یاریزانی مەلەوانیی فەرەنسی مارۆس فارێل.

٤- کچە یاریزانی هەنگاری سۆزانا ئەکوب بەشێوازێکی دیکە پەنجەکانی دەستی بۆیـــە کرد ئەویش بە رەنگی شـــینی ئاســـمانی و لۆگـــۆی ئۆڵۆمپیاد و پێنج بازنەکەی ئۆڵۆمپیاد.

٥- کچە یاریزانی تێنســـی سەرزەویی دانیمارکی کارۆلین فۆزنیاکی پەنجەکانی بە ئاڵای دانیمارك بۆیە کردووە.

٦- کچە مەلەوانی بەریتانیایی ریبیکا ئەدالنتون لەســـەر پەنجەکانی دەســـتی ئاڵای بەریتانیا-ی دروستکردووە.

٧- کچە یاریزانی تیرکەوانی مەکســـیکی ئەیدا رۆمان ئاڵڵای وڵاتەکەی لەسەر پەنجەکانی دەستی دروستکردووە.

٨- کچە یاریزانی تۆپی باڵەی ئەمەریکایی لەســـەر کەنارەکانی دەریا داســـتن


ڤینۆس ویلیامز


لیوز مرسیدس


ریبیکا


کارۆلین


سۆزانا


مارۆس فارێل


## ـــــــادی لەندەن-ی ٢٠١٢



ئەرژنتین



ئەمەریکا




کوبا

## لەندەن٢٠١٢

بشکێنێت.

- کچە یاریزانی مالیزی نور سـوریانی بەشـداری لە یارییەکانی نیشانشکێن دەکات، هەرچەندە ئەم کچە یاریزانە دووگیانە لە مانگی هەشت.

- لـە کاتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگی کردنـەوەی یارییەکانی ئۆڵۆمپیاد (٩٦٥) دۆڵچی بەشدارییان لەم مەراسیمە کرد و (٥٠٠) ئامێری دەنگ لە نێو یاریگا داندرا




و (٧٥٠٠) خۆبەخش لـە بەڕێوەچوونی ئاهەنگی کردنەوە بەشدارییان کرد و (٣٤) راهێنەری ئاژەڵەکان بەشـدارییان کرد و مۆسیقا لە نێو یاریگا بە ڕێژەی (١٢٠) لێدانی دڵ لە یەك خولەکدا کاری کرد بۆ ئەوەی شـاندەکان بەخێرایی لە نێو یاریگا بجولێنەوە.

## ـــــــداربووی ئۆڵۆمپیاد ببینە..


هۆکر ئاڵای بەریتانیا و ئارمی لیژنەی ئۆڵۆمپی نێودەوڵەتی لەسەر پەنجەکانی دورستکردووە.

٩- کچە یاریزانی تیرکەوانی بەریتانیایی ئەلیسۆن ولیامسۆن ئاڵای بەریتانیا-ی لەسەر پەنجەکانی درووستکردووە.


١٠- کچە یاریزانی ئەمەریکایی ئەلیسـۆن شیمێت ئاڵای ئەمەریکای لەسەر پەنجەکانی بۆیە کردووە.



ئەیدا رۆمان



چینۆس ویلیامز



ئەلیسۆن ولیامسۆن



ئەلیسۆن شیمێت

# بە وێنە دیاردەی تاتۆکردن لەسەر جەستەی یاریزانانی ئۆڵۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢

لـە ئۆڵۆمپیادی لەندەن چەندین دیاردە بە دی دەکرا، یەکێك لەم دیاردانە، کە سـەرنجی وینەگرەکان و جەماوەری بۆ خۆی راکێشا دیـاردەی تاتۆکردنی جەسـتە بوو، هەر یاریزانێك بە شـێوازێکی تایبەتی خۆی تاتۆی لەسـەر جەستەیی دروسـتکردبوو، بە وێنە دیارترین ١٠ تاتۆ لەسـەر جەسـتەی یاریزانان لـە ئۆڵۆمپیادی لەندەن-ی ٢٠١٢.

